Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10221

# ڕەنگدانەوەی کلتووری کراوە لە موزیکی کوردیدا

**نەوروز فاروق احمد[1] ، محمد بکر محمد[2]**

1- بەشی تیشك، پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر ، هەرێمی کوردستانی عێراق

2- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین ، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی کلتووری کراوە لە موزیکی کوردیدا) یە، هەوڵدانێکە بۆ دیاریکردن و شیکردنەوەی کلتووری کراوە لە نێو موزیکدا ، ئەمەش لە ڕێی بەڵگەهێنانەوە بە هۆنراوەو گۆرانی فۆلکلۆری کوردیەوە بە جیاوازی جۆرو روخسارەوە، هەوڵی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك دەدەین:

1- کراوەیی چییە و کێ ئەم دەستەواژەی بەکارهێناوە؟

2- ڕەگ و ریشەی موزیك لە کوێوە هەلقوڵاوە؟

3- ئایا گۆرانی و هۆنراوە فۆلکلۆریەکانمان داخراوبوونە یان کراوە؟

هەرچەندە زاراوەی کلتووری کراوە یاخود کۆمەڵگەی کراوە لە نێو میللەتانی جیهاندا بە کوردیشەوە نوێیە، کەچی لە ڕووی زەمینە وخودی ژیانی کوردەواریدا واقیعێکە و لە ژیان و ڕۆژانەی کۆمەڵگاکەمان ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش لە نێو ئاوازو گۆرانیە فۆلکلۆرییەکاندا بەدی دەکرێت ، سەرباری ئەو سادەییەو نەبوونی رێژەی خوێندەوارییەکی زۆر لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا لە سەردەمە زووەکاندا ، کەچی ئەوپەڕی ڕێزوخۆشەویستییان بە رامبەر بە ئافرەت نیشانداوە، هەروەها ئافرەتی کوردیش توانیویەتی هەست و حەزو ویستەکانی بەدەربخات بەوپەڕی ئازادییەوە، لە کاتێکدا لە ڕۆژئاواش بەم جۆرە نەبووە، جگە لەم دوو لایەنە سەرەکییە ،لایەنێکی تریشمان خستۆتە ڕوو ئەویش یەکسانی ڕۆڵ و سۆزی نێوان پیاو و ئافرەتی کوردە بەرامبەر بە یەکتری و هەردوولا ترسی خستنەڕووی ئەو هەستەیان نەبووە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەر پێك دێت ، تەوەری یەکەم ئەم بابەتانە بە خۆوە دەگرێت : کلتووری کراوە بە بۆچوونی کارل پوپەر، موزیك وەك دیاردەیەکی کلتووری و مێژووی ئامێرە موزیکیەکان، تەوەری دووەمیش لەم بابەتانە پێك دێت: موزیك و کۆمەڵگەی کوردی، هەڵپەرکێ و گۆرانی.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

کلتووری کراوە، مێژووی موزیك، گۆرانی، هەڵپەرکێ ،ئامێرە موزیکیەکان

***Corresponding Author***

## پێشەکی

کلتووری کراوە ئەو جۆرە کلتوورەیە کە داخراو نییە بەرامبەر کلتوورە جیاوازەکانی ترو هەوڵی ناسین و قبوڵ کردنی دەدات بە هەموو جیاوازییەکانییەوە، ئادەمیزاد لەژێر سێبەری کلتوورێکی کراوەدا دەژیێت کە هیچ سنوور و بەربەستێکی تیا نییە تەنها لە تەسکترین بواردا نەبێت، ئەم کراوەییەش هیچ سنوورێکی نییە بۆ هەموو ئازادیە سیاسی و مەدەنی و فیکرییەکان دا و ووشەی کۆتاییش بۆ یاسایە کە ئیرادەی گەل

پێش هەموو ئیرادەیەك دادەنێ و هیچ دەروازەیەكی ئەم كلتوورە داناخات، بەڵكو ڕەنگە كاریش بكات بۆ فراوان كردنی دەروازەكانی، هەروەها هەوڵی سوود وەرگرتن دەدات لە كلتووری بەرامبەر بە مەبەستی زیاتر پێشەوە چوون و گەشەكردن لە كایە جیاوازەكانیدا بەڵام بە مەرجی پارێزگاریكردن لە ناسنامە سەرەكییەكەی.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوەكەمان بریتییە لە خستنەڕووی ئەو هۆنراوەو گۆرانیە فۆلكلۆریانەی كە بەڵگەو سەلماندنن بۆ كلتووری كراوەی كۆمەڵگەی كوردەواری بە جیاوازی رووخسارو ناوەرۆكیانەوە.

## هۆكاری هەڵبژاردن و گرنگی بابەتەكە

هۆكاری هەڵبژاردن و گرنگی بابەتەكەمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە میللەتی كورد پێش میللەتە پێشكەوتووەكانی ڕۆژئاوا كلتووری كراوەی خۆی دەربڕیوە سەبارەت بە قبوڵكردنی كۆمەڵگەی بەرامبەر و جیاوازی نەكردن لە نێوان چین و توێژەكانی كۆمەڵگە بە تایبەتی بەرامبەر بە ئافرەت و بە پێچەوانەوەش.

## سنووری توێژینەوە

سنووری توێژینەوەكەمان تایبەتە بە ئاوازو موزیكی هەرێمی كوردستان ، بەڵام ڕەنگە جاربەجار ئاورێك لە ناوچە جیاوازەكانی كوردستانیش بدەینەوە.

## میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی وەسفی و پراكتیكیمان بەكارهێناوە بۆ ئەوەی بابەتەكە زیاتر سەلمێنراو بێت لە ڕێگەی نمونەكانەوە. توێژینەوەكە بە شێوەیەكی گشتی لە دوو تەوەر پێك دێت ، تەوەری یەكەم لە سێ بابەت پێك دێت كە: كراوەیی بە پێی ڕای كارل پوپەر ، موزیك و كورتەیەك و مێژووی ئامێر موزیكیەكانە، تەوەری دووەمیش لە سێ بابەت پێك هاتووە: موزیك و كۆمەڵگەی كوردی، لەگەڵ هەڵپەركێ و گۆرانی كوردی .

## تەوەری یەكەم/ كلتوور و موزیك

### 1-1- كلتووری كراوەو كورتەیەك

زۆر پێناسەی جیاواز بۆ كلتوور كراوە بەڵام یەكێ لەو پێناسانە وەردەگرین ئەویش (ت. س. ئیلیۆت)ە كە لە پێناسە كردنی كلتووردا دەڵێت: بریتی یە لە شێوازی ژیانی گەلێكی دیاریكراو لەیەك شوێن دا بەیەكەوە دەژین و لە هونەری میللی و سیستمی كۆمەڵایەتی و داب ونەریت و ئایین دا دەردەكەوێت و كلتوور لە كۆی هونەر و داب ونەریت و بیرو باوەڕەكانی زیاترە(ت. س. إلیوت، 2014: 40)، لێرەدا نووسەر كلتوور بە گرنگترین شێوازی ناسینی كۆمەڵگا دادەنێت، لەگەڵ جەخت كردنەوە بۆ بوونی ئایین و داب و نەریت و هونەر و سیستەمی كۆمەڵایەتی لە پێكهاتەی كلتووردا ، كەواتە یەكێ لە ئاكارەكانی كلتوور هونەرە ئەویش خۆی لە گۆرانی و سەمایە میللی و فۆلكلۆرییەكاندا دەنوێنێ.

خاڵێكی تری گرنگ هەیە ئەویش چۆنیەتی ژیان و بیركردنەوەی كۆمەڵگایە بەرامبەر بە ئەویتر و مامەڵەكردنییەتی لەگەڵیدا لەسەر بنەمای ئەو بیروبۆچوونانەی كەهەیەتی و وەریگرتوون لە دەوروبەرەكەی چونكە (رالف لنتون) وا دەبینێ كە كۆی ڕەوشتی تاك لەسێ ڕەگەز پێك دێت: ڕەوشتی غەریزی تاك، ڕەوشتێك دەرئەنجامی شارەزا بوونیەتی و ڕەوشتێكیش كە لە تاكەكانی ترەوە فێری دەبێت(د. عبدالغني عماد، 2016: 34) ئەمانەش گشتییان ڕۆڵیان دەبێت لە ناساندنی تاك و كۆمەڵگا.

بۆ ئەوەی وەك كۆمەڵگایەكی مرۆیی و شارستانی بژین پێویستە ئەویتر قبووڵ بكەین ئەمەش لەرێی كلتوورێكی كراوەوە دەبێت ، هەروەك چۆن كارل پوپەر دەڵێت: (ئەگەر هاتوو خۆزگە بخوازین بەوەی بە ئادەمیزادی بمێنینەوە، تەنها یەك ڕێگە هەیە، ئەویش ڕێگەی كۆمەڵگەی كراوەیە)(Maurice Cornforth,1968: 325) و بەو كۆمەڵگایەی دادەنێت كە تاكەكانی ڕووبەڕووی بڕیارە كەسی یەكان دەبنەوە، واتە لێرەدا تاكەكانی نێو كۆمەڵگا ڕۆڵی كارا وبەرچاو دەگێڕن لە بابەت وكێشەكانی دا و توانای ڕووبەڕوو بوونەوشیان هەیە بۆ هەر چ بڕیارێك كە لەلایەن دەسڵاتداری تاكە كەسەوە دەردەچێت،بەو كۆمەڵگایەو كلتوورەی وەسف دەكات كە فرەییە، ئازادی تیا زاڵە، ئەقڵگەرایی ڕەخنەگرانە زاڵە بەسەر ئاراستەكەی، هەروا بە ئاسانی ڕازی نابێت بە پێدراوەكان بەبێ گفتوگۆ وقووڵ بوونەوە، هەروەها بەشدارییەكی كاراو ئاڵوگۆڕ هەیە سەبارەت بە بارودۆخی سیاسەتی گشتییەوە، چونكە ئەندامانێكی زۆر تێدەكۆشن بۆ بەرزبوونەوەی كۆمەڵایەتی و شوێنگرتنەوەی ئەندامەكانی تر(محمد هاشم رحمة البطاط،2020: 148)، بێگومان ئەمەش ئاماژەیە بۆ دیموكراسیەت و ڕادەست كردنی دەسەڵات بە شێوەیەكی ئاشتیانە دوور لە میكانیزمەكانی توند ئاژۆیی یاخود هەروەك پوپر دەڵێت: بنەمای ڕەوشتی بۆ دیموكراسیەت شێوەی ئەو دەوڵەتەیە كە ڕێگە بە لادانی حكومەتێك دەدات بەبێ خوێن ڕشتن(كارل بوبر، 2009: 7)، پوپەر جەخت لەوە دەكاتەوە كە ئەم جۆرە كۆمەڵگایە لەگەڵ كۆمەڵگای داخراودا لەزۆر كێشەدا جیاوازن، بەڵام لە هەموویان دیارتر ئەم دووانەی خوارەوەیە:

1- لە كۆمەڵگای كراوەدا ئەگەری گفتوگۆی ئازاد هەیە و ڕۆڵێكی كاریگەر دەبینێت لە سیاسەت و مەسەلەكانیدا.

2- بوونی دەزگای كارا لە كۆمەڵگای كراوەدا و ئامانجی پاراستنی ئازادییەو نوێنەرایەتی دەسەڵاتی دەوڵەت و هێزەكەی دەكات، ئامانجیش پاراستنی هاونیشتمانیانە لە دەسەڵاتی زۆرداری.

ئەوەی زانراوە بەتەواوەتی، ڕێگەی ژیانی تایبەتیمان پڕکراوە لە قەدەغەکراوەکان، لە خواردن، ڕەوشت و چەندانی تر، لەگەڵ ئەمەش دا جیاوازی گرنگیش هەیە، چونکە لەنێو ژیانی تایبەتیمان دا لەنێوان یاساکانی دەوڵەت لەلایەك و لەلایەکی تریش ئەو قەدەغەکراوانەی کە عادەتن بەدوای دەکەوین ، هەمیشە بوارێك هەیە بۆ بڕیارە کەسی یەکان بە گرفت و بەر پرسیاریەتەکانیەوە، ئێمەش ئاگاداری گرنگی ئەو بوارەین، چونکە بڕیارە کەسی یەکان بەرەو ڕێککردنی قەدەغەکراوەکان دەچێت، تەنانەت یاسایە سیاسیەکانیش چیتر لە قەدەغەکراوەکان نییە، جیاوازی گەورە بریتی یە لە ئەگەری بیرکردنەوەی عەقڵانی سەبارەت بەم مەسەلانەوە(کارل بوبر، 1998 :172)، چەمکی کۆمەڵگا وکلتووری کراوە لەلایەن پوپەر لەسەر پێنج بیری سەرەکی وەستاوە:

* بیری یەکەم یەکێتی مرۆڤایەتیە واتا لەم کۆمەڵگایەدا هەموو کەسێك توانای ڕەخنەگرتن ورۆڵ گێڕانی هەیە، بەبێ گوێدان بە نەژاد، ڕەگەز، ئاین، چین یا نەژاد.

* هەرچی دووەمە بیری تاکرەوی یە کە پشتی بە هەستی (کانت) ی بەستبوو بە سەربەخۆ بوونی ئەقڵانیەت بۆ هەموو تاکێك ئەمەش ئازادی و ئەرك بە هەموو تاکێك دەبەخشێت تا خۆی بڕیار بدات چ شتێك لە ڕەوشت و سیاسەتەوە داواکراوە لە چ کاتێکدا(Robert S. Cohen & others, 2009:206).

* بیرۆکەی سێ یەم پەیوەستە بە دوو بیرەکەی سەرەتاوە ئەویش بنەمای نێوەندگیرییە، هەموو ڕایەك مافی گوێگرتنی هەیە سەرچاوەکەی هەرچ بێت،ئەمەش پلەیەك لە لێبووردەیی دروست دەکات بە واتای ئەوەی مرۆڤ هەمیشە دەبێ ئامادە بێت بۆ گوێگرتن لە گۆشە نیگای کەسەکەی تر.

* بیری چوارەمیش بیروباوەری مرۆییە، پوپەر دوچاری تۆقین بوو لە سەردەمی بەریەککەوتنی لەگەڵ سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بەهۆی ئامادەیی ئایدیالیستەکان بۆ قوربانیدان بە ژیانی تاکەکان لە پێناو خێراتر بوونی لەدایك بوونی کۆمەڵگایەکی نموونەیی لە داهاتوودا.

* بیری پێنجەمیش ڕەخنەگرتن و کرانەوەیی بە ناوەندی کۆمەڵگەی کراوە دادەنێت، لە واقیع دا باوەڕی بە هەڵەکردن هەیە، وا بیر دەکاتەوە کە ناکرێت هەرگیز گریمانەی هەڵەکردن یان شکست هێنان بەدوور بگرین، تەنانەت لە باشترین دام و دەزگا و پرسینەکان دا کە ڕێکخراو و جێبەجێ کراون، لەبەر ئەوەی ڕەخنەو کرانەوە باشترین ڕێگان کە دەیانناسین بۆ کەشف کردنی هەڵەو شکست کردن لە بواری کۆمەڵایەتی دا، بۆیە جەخت لە ئازادی ئادەمیزاد دەکاتەوەو ئەو ڕێگەیەی کە بڕیارە ئازادەکانی تاکەکان کاریگەریان دەبێت بەسەر ئەو شتانەی ڕوودەدەن بە گەورەو بچوکیەوە( Robert S. Cohen & others, 2009:207).

ئەوانە گشتیان ئەو بابەت و بنەمایانە بوون کە پوپەر پێ ی ڕاگەیاندوین بە شێوەیەکی ئەرێنی لەسەر کرانەوەیی و پشت دەبەستێت بە باوەڕ بوون بە ئەقڵ، ئازادی و برایەتی نێوان هەمووواندا، چونکە گەشەسەندن بەخۆوە نابینێ ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگا هەوڵی پێك هێنانی بڕیارەکان نەدەن لە ڕێگەی ممارەسە کردنی ئەقڵ و ئازادی و هەمووان بنرخێن و ڕازی بن بە برایانە بژێن، بەم مەرجە نەك تەنها دەتوانن ممارەسەی بڕیارە تاکیەکانیان بکەن بەڵکو پێکەوە پارێزگاری لە بارودۆخی ئاساییشیان دەکەن تا چێژ لە ئازادییەکەیان وەرگرن( Maurice Cornforth, 1968:327)، بارودۆخی ژیانی ئەو سەردەمەش پڕە لە کایەو بوونی سیاسی جۆراوجۆر، لاربوونی تەرازووی حوکم کردن بۆ هەرلایەك و لایەنێکی سیاسی، نەگونجان و ناڕازی و پشێوی لێ بەرهەم دێت، بۆیە ئەرستۆ سەبارەت بە ژیانی مرۆڤایەتی یەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە (هاوسەنگی لەنێوکلتووری سیاسیەکاندا کلیلی بەدەست هێنانی حکومەتێکی چاکە)(مجموعة من الكتاب، 1978: 159.)، بێگومان فەرەنسا نموونەیەکی هەرە دیاری کلتووری کراوەیەو لە نێو کۆمەڵگاکەیان ڕەنگی داوەتەوە .

سەبارەت بە ناسنامەی کوردییەوە بەدرێژایی مێژوو لای ئێمەی کورد دەرئەنجامی پرۆسەی ڕەفزکردنی ئەوی ترە بۆ ئێمە واتە (عەرەب،تورك،فارس) ،ناسنامە ناسیۆنالیستەکەشمان زیاتر لە ئیتنیك دەبینین کە پەیوەستە بە کلتوورورزمان و بە کۆمەڵایەتیبوونمانەوە(ماهر عەزیز، 62:2005)، هەرچی خودی کۆمەڵگەی کوردیە بە تایبەتی کوردستانی باشوور کە بە هەرێمی کوردستان ناودەبرێت و دانیپێدانراوە لەلایەن دامودەزگاو وڵاتە نێودەوڵەتیەکانەوە، ئەوا گەر هەر پێنج بیرەکانی پوپەری بەسەر جێ بەجێ نەبووبێت ئەوا چوار بیری سەرەکی تێدا بەدی دەکرێت ،ئەمەش لەبەر ئەوەی کوردستانی ئێراق بە زۆری ئینگلیزەکان، لە چوارچێوەی ویلایەتی موسلدا بە دەوڵەتە تازەکردو ئینگلیزکردەکەی ئێراقەوە لکێنرا ، مەودای یاریکردنی نەتەوە سازی و بە کۆمەڵگەیی بوونی پتر بۆ ڕەخسا لەچاو پارچەکانی تری کوردستانی دیکە کە بەر دەوڵەتی زلتر و ئیمپراتۆری زادەکانی تورکیا و ئێران کەوتن ، هەر لەبەر ئەم هەل و مەرجە مێژووی و سیاسییەیدا کوردانی ئەم بەشەی کوردستان بۆیان لوا، لە ماوەی سەدەی ڕابردودا بزێوترین پرۆسەی نەتەوەسازی بەرپابکەن و لە لایەکەوە تووشی زۆرترین و گەورەترین کارەساتی خوێناوی ببن وەك لە کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەو ئەنفالکردن و لەناوبردنی بە هەزارەها کورد ، لە لایەکی دیکەوە زۆرترین و گەورەترین هەنگاو هەڵبهێنن لەسەر ڕێی ئەو پرۆسەیەدا و ئەمرۆ بە دەسەڵاتێك

گەیشتووین بە شێوەیەکی فەرمی هەرێمەو بە شێوەیەکی پراکتیزەییش تا ڕاددەیەك دەوڵەتۆکەیەکی دیفاکتۆیە(نزار سایر، 47:2011) ئەم هەموو فاکتەرانە وایانکردووە ئەم ناوچەیە کراوەترین کلتوور بەخۆی ببینێت لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

## 2-1- موزیك وەك دیاردەیەکی کلتووری

مرۆڤ و میللەتانی سەردەمە سەرەتاییەکان دەنگی خۆیان یەکەم جار بەکارهێناوە و بە تێپەڕبوونی کاتیش لەپاڵ دەنگیاندا قۆچی گایەکانیان وەك موزیکێکی سەرەتایی بەکارهێناوە، ئینجا گەشەی کردو تا گەیشتە شمشاڵی ئێستا و چەندین جۆری لێ پەیدا بووە. موزیك کۆنترین ئامێری گوزارشت کردنە کە ئادەمیزاد ناسیویەتی و پەنای بۆ بردووە تا ئەوەی لەناخیدا هەبووە لە هەست کردن پێی دەربڕێت، چونکە نەیتوانیوە بە قسەکردن گوزارشتی لێ بکات، موزیکی میللی گەورەترین دیاردەی هونەری رەسەنە لە ژیانی هەر میللەتێك دا، بە جیاوازی قۆناغەکان کە کۆمەڵگا پێ ی تێپەڕیوە گەشەی کردووە ئەم گەشە کردنەش بە جیاوازی بارودۆخی ژیان و بۆنە و نەریتەکان دا جیاواز بووە(توانا يحيى خضر مرجان، 2013: 70).

جێ ی ئاماژە پێکردنە کە گۆرانی کۆنتر و زۆر لەپێشترە لە ئامێرە موزیکیەکان، چونکە ئەو هۆزانەی لە نزمترین ئاستی شارستانیەتتدا دەژین، هەمیشە گۆرانی خۆیان هەیە، بێ ئەوەی ئامێری موزیکی بزانن(أوس حسين على، 2016: 14) و لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە زووتر سەری هەڵداوە و چەکەرەی کردووە، چونکە هەر بە منداڵی و لە سەرەتای زمان پژانییەوە کاتێ دەکەوێتە گروگاڵ ئیتر وردە وردە ئاوازی پچڕ پچڕ بۆخۆی دەڵێت، بە لاسایی ئەو دەنگانەی کە دەیبیستێ(محمەد حمە باقی، 2009: 51)، ئەویش بە بیستنی لاواندنەوەو لایلایەی دایکەوە کە بە ووشەکانەوە ریتمێکی موزیکی دروست دەکرد، دواتریش بەبێ بوونی ئامێری موزیکی لەلایەن پیاوەوە ئەو جۆرە گۆرانیانە پەیدا بوون کە گوزارشت لە پاڕانەوە و نزاکردن دەکات بۆ خواوەند، لەگەڵ ئەو گۆرانیانەی کە حەز و ناخۆشی یەکانی ناخی دەردەخەن، ئەمەشیان بەلامانەوە لە هۆرە و لاوك و حیران دا بەرجەستە بووە، لەگەڵ پەیدابوونی ئامێرە موزیکیەکان گرووتینێکی زیاتر و جەماوەری تری بەخۆوە بینی و ئاستەکە لە تاکییەتەوە گوازرایەوە بۆ کۆمەڵ تا کۆبوونێکی گشتی دروست بکات و کاریگەریەکی زیاتر بەخۆوە ببینێ.

میللەتی کوردیش کە خاکەکەی بە لانکەی شارستانیەتی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی گیانلەبەران دادەنرێت، ئەرکەکەی قورس بووە بۆیە پەنای بۆ شتێکی دەروونی بردووە کە دەروون و گیانی پێ بحەسێتەوە و ووزە ببەخشێ بەخۆی و هاوەڵانی لەکاتی ئیش کردندا(حسين غازى كاك أمين، 2020: 87).

گۆرانی ئیش کردن، ووشە و ئاواز و دەنگ، زیاتر لەگەڵ بزوتنەوەی بەش و ئەندامەکانی لەشدا یەکدەگرێ، دەنگ و هاوارەکانی ئیشکردن یاریدەی لەش دەدەن باری سووك دەکەن(عزالدین مستەفا رەسول، 1970: 60)،

بەڕای لێکۆڵەران، زۆربەی جوولە سۆزدارییەکان بیستراون بەڵام لەوانەیە خەڵکی پێشوو کە پێیان لە زەوی دادەکوتا یان کە لەخۆیان دەدا، ئەوا لە زەمانێکی زۆر زووەوە درکیان بەوە کردبێت کە ئەو دەنگەی هاوشانە لەگەڵیدا دیاردەیەکی جیاوازن. واتە دەنگە بیستراوەکە و حاڵەتە یا جوولە سۆزدارییەکە، بۆیە ئەم پرۆسەیە کاتێکی زۆری پێچوو تا بە عەمدەن پێیان دابکوتن یان لەخۆیان بدەن تا ئەو دەنگەیان بەدەست بێت وەك هاندەرێکی زیاتر(Curt Sachs, 2006:3).

گرنگی پێدان و پشتیوانی دەسەڵاتدارانی زنجیرە پاشاکانی ساسانییەکانی وەك (ئەردەشێری بابەك، بەهرامی گوڕ و نەوشێروان) بە هونەر، زەمینەیەکی ئەوەندە لەباریان خۆش کرد بۆ هونەرمەندانی موزیك و گۆرانیبێژان، ئەم سەردەمەی مێژووی ساسانییەکان لەکۆی مێژووی هەزاران ساڵەی ئێران بە رۆژگاری زێرینی هونەر ناودەبرێ، لە سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی ساسانییدا کوردەکان موزیکێکی یەکجار پێشکەوتوو و بەرزیان هەبووە کە کاریان کردوتە سەر گۆرانی گەلە دراوسێکانی، گۆرانی و هەڵپەڕکێ ی کوردی بەشێکە لەو موزیکانەی کە پێ ی دەوترێت رۆژهەڵاتی، بەڵام ناتوانرێ تێکەڵاوی موزیکی عەرەبی و ئەرمەنی و تورکی بکرێت(تۆما بوا، 1980: 145)

لە مێژووی موزیك دا چەند کەسانێکی دیار و بەناوبانگی کورد هەیە کە شوێن پەنجەیان لەم بوارەدا بەجێ هێشتووە، تەنانەت شارەزایانی موزیك و رۆژهەڵاتناسانیش باسیان لێ کردوون و کاریگەریان لەم بوارەدا بە گرنگ داناوە لە مێژووی موزیك و شارستانییەتی ئیسلامی دا وەك :ئیبراهیم موصلی (743-804 ز)ناسراو بە نەدیمی موصلی بەناوبانگترین گۆرانی بێژی سەردەمی خۆی بووە، لە جولەکەکانی کوردستان بوو کە موسوڵمان ببوو (محمد علي الصويركي الكردي، 2008: 50)، موزیکژەنی بەناوبانگ (زریاب) کە ناوە راستەقینەکەی ئەبولحەسەن کوری نافیعە (Nabaz Hama Rasheed, 2016: 13)، لە بنەماڵەیەکی کورد بووە خەڵکی مووسڵ بووە (789-957 ز)، هەر زریابیش بوو کە وەتەری پێنجەمی عودی دۆزیوەتەوە، مێژووش لە سەدەی نۆهەمدا ناوی خێزانێکی موزیکی عودی تۆمار کردووە کە ئیبراهیم کوری مەهدیە و ئیسحاق موسڵیش کوڕیەتی(تۆما بوا، 145:1980)، هەرچی موزیسیان و تیۆریستی کوردی (صەفییەدیینی ئورماویە) کە لە شاری ئورمییەی کوردستانی رۆژهەڵات لە ساڵی 1216 لەدایك بووە لە 1294ز لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە، ناوبانگییە هەمیشەییەکی بۆ ئەو دوو کتێبەی دەگەڕێتەوە کە نووسیبووی

لەسەر تیۆری موزیك دا ئەوانیش (كتاب الأدوار و الرسالة الشرفية في النسب التأليفية) بە سەرچاوەیەکی مەزن دادەنرێت لەم بوارەدا(Nabaz Hama Rasheed, 2016: 14).

## 1-3- مێژووی ئامێرە موزیکیەکان

سەبارەت بە موزیکەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان و گەشەکردنی لە شارستانیەتەکانی پێش مێژوو و سەرەتاکانیشی بۆ شارستانیەتە باڵاکان دەگەڕێتەوە کە ئامێری میللی و کەشەکان بە ئامێرە دیاریکراوەکانی کات بەسەر بردن و هونەر بەکار دەهێنران، ئەو مێژووە شارستانیەتە باڵایە لە وڵاتی میزۆپۆتامیا دەست پێ دەکات لە سۆمەریەکانەوە ئینجا بابلی دواتریش کیشیەکان کە گەلێکی ناسامیین و لە چیاکانی زاگرۆسەوە هاتبوون ، دەکرێ ئامێرە موزیکییەکان بۆ دوو جۆر دابەش بکەین:

أ- ئامێرە میللییەکان ب- ئامێرە هونەرییەکان(Curt Sachs, 2006: 54)

ئەم جۆرە موزیکەی میللی لە بنەڕەتدا موزیکێکی پیشەیی لادێ یە کە دەماودەم و نەوە بە نەوە گواستراپەتەوە، بۆیە هەڵبەستەکانیشی سادە و رەوانن و ناوی داهێنەرەکانی لەنێو بەشداری یە دەستە جەمعیەکەدا وون بوون، بەگشتی ئەم موزیکە زارەکییە و ئاوێنەی بۆنە خۆش و ناخۆشەکانی ژیانی لادێن(نزار سابیر، 2011: 62)، وا سەیری موزیك دەکرێت کە دەنگدانەوەیەکی هەمیشەییە بۆ خۆشەویستی، شمشاڵ یا بلوێر تەنها ئەو کاتە قسە دەکات کە بەلێوی هاورێکەی دەکەوێت، کونیلەکانیشی ئەو کاتە قسە دەکەن کە پەنجەکان یاری لەگەڵدا دەکەن، تەنانەت پیتی ئەلفابێیەکان دەبن بە کۆدی شەیدای خۆشەویست، یاخود ئاماژەیە بۆ حاڵەتی عاشق(Annemarie Schimmel, 1982: 77).

هەرچی ئامێر و موزیکی هونەرییە رەگەکانی بۆ رێ و رەسمە ئاینیەکانی پەرستگاکان و نەریتەکانی رابواردنی نێو کۆشك و دیوانی دەسەڵاتدارەکان دەگەڕێتەوە(نزار سابیر، 2011: 63).سەبارەت بە ئامێری موزیکیەوە شمشاڵ یەکێکە لە کۆنترین ئامێر لە شارستانییەتی سۆمەری و لە جیهاندا بە گشتی و مێژووەکەی بۆ 2800 ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، بە نووسینی بابلی نووسراوەتەوە کە لە زمانی سۆمەریدا بە (شم) دەخوێندرێتەوە وا پێدەچێت (شمشاڵ) لەمەوە وەرگیرابێت و رزگاری بوبێت لە فەوتان و ئەو ناوەیە کە کوردەکان بۆ بلوێر بەکاری دەهێنن(Curt Sachs, 2006:55-59).

کونترین دیمەنی (شمشاڵ) لە یەکێ لە گۆڕە شاهانەییەکانی ئەو دۆزراوەتەوە کە بۆ سەردەمی تیرەکانی سێ یەم دەگەڕێتەوە (2500 – 2350 پێش زایین) کە وێنەی میوزیك ژەنێکی شمشاڵە لەژێر درەختێك دایە و لە بەرامبەریدا کۆمەڵێ گیاندار و سەگێك هەیە(صبحي أنور رشيد، 1970: 60).

سەبارەت بە ئامێری (عود) یان (ساز) کە یەکێکە لەو ئامێرە موزیکە وەتەریانە، پرۆفیسۆر (شاتودەر) بەو ئامێرەی دادەنێ کە دانیشتوانی چیاکان پێ ی دەناسرێنەوە، بە شێوەیەکی تایبەتیش (خوری یەکان) کە لە ناوچەکانی (دورگەی وان)ەوە تا باکووری عێراق درێژ دەبێتەوە لە سەدەی 15ی پێش زایین و دواتریش داهێنانی ئەو ئامێرەش بۆ ئەو دانیشتوانە دەگەڕێتەوە، چەندین وێنەکێشراوی تری ئەو ئامێرە هەیە و بۆ سەدەی جیاوازتر دەگەڕێتەوە تەنانەت پاشای کاشی یەکان (کوریکالزو) لە یەکێکیان دا وێنەی کێشراوە لەگەڵ موزیك ژەنێکی ئەم ئامێرە(صبحي أنور رشيد، 1970: 76)، شێوەی عودی ئەوکات لە شێوەی سازی ئەم رۆژگارەمان دەچێت، وا پێدەچێت بەپێ ی گۆڕانکاری لە قۆناغەکانی ژیاندا شێوەی ئەم ئامێرە بۆ چەندەها جۆری تر دروستکرابێت.

هەرچی دەفە کە ئامێرێکی تەپڵداری کۆنە، لە رۆژگاری ئێستامان دا بەزۆری لەلایەن شێخانی تەریقەتی سۆفی لە حەلقەی زیکرەکان بەکار دەهێنرێن(فائیزە عزت محمد، 2013: 210)، لەگەڵ جۆرەکانی تری گۆرانیش بەکاردێت تەنانەت هەندێ جار هەندێ تیم هەیە تەنها ئەو ئامێرە بەکار دەهێنێت بۆ ژەنینی موزیکی گۆرانییەکان، وا هەست دەکرێت کە تەنها ئەو شۆڕەسواری بواری ژەنینی موزیکە. مێژووەکەشی بەپێ ی چەندین وێنە و پارچە بووکەڵەی قوور کە لە زۆر شوێنەواردا لە شارەکانی عێراق دا بەدەرکەوتوون و بەکارهاتووە لەلایەن ئافرەتانی رووتەوە بۆ سەردەمی سۆمەری نوێ دا (2100 – 1530 پێش زایین) دەگەڕێتەوە، وێنەی تریش هەیە کە پیاوان ئەم ئامێرەیان لەدەستەو بۆ سەردەمی بابلی کۆن دەگەڕێتەوە (1950 – 1530 پێش زایین)(صبحي أنور رشيد، 1970: 140)، لە سەردەمی سۆمەریەکانیش دا بەم ئامێرەیان گوتووە (دوپ)(دارا محمد سعيد، 2010: 381) ئەمیش زۆر نزیکە لە ووشەی ئەم رۆژگارەمان کە (دەف) ی بۆ بەکاردەهێنین، وا پێدەچێت ئەم ئامێرە رەگ و ریشەکەی ئایینی بووە و لە پەرستگاکان بەکارهاتووە و لەگەڵ تێپەربوونی کات و رۆژگاردا پیرۆزییەکەی لەدەست نەداوە، بۆیە دەبینین موزیکی هۆرامان ئەو موزیکە عیرفانییەیە کە لەگەڵ بۆچوونی سروودەکانی گاتا یەك دەگرێتەوە، موغەکانی ئایینی زەردەشتیش لە ئاتەشگەدا دەفیان بە ئامێرێکی سەرەکی دەزانی و بەکاریان دەهێنا(دارا محمد سعيد، 2010: 380).

لە شارستانییەتی سۆمەریدا بەپێ ی ئەو وێنە و بەڵگانەی بەدەست کەوتوون چەندین دیمەن و پەیکەری ئافرەتی رووت هەیە کە بەدەستی رووت تەپڵی بچوك دەژەنن، مێژووەکەی بۆ (2000 ساڵ پێش زایین) دەگەڕێتەوە، یەکێ لە دەقەکانیش باس لەوە دەکات، نەوەی پاشایەکیان کە ئافرەت بوو وەك ژەنیاری تەپڵ دامەزراوە لە پەرستگای مانگ لە ئور( Curt

(Sachs, 2006: 62)، گەشەسەندنی موزیکیش گەیشتبووە پلەی کەمالییەت لە سەردەمی ئوری سێ یەم دا لە شارستانییەتی سۆمەریەکان و ئەوەی زانراوە کە جۆری جیاوازی ئامێرە موزیکییەکان بەکارهاتووە لە سروود و وێردە ئاینییەکان وەك: فلوت، شمشاڵ، لیر، تەبل، سەنج، عودوتار، لە پەرستگاکانیش ژووری جیاکراو هەبوو کچان هونەری موزیکیان تیادا وەردەگرت لەسەر دەستی کاهینەکان تا ببن بە پیشەگەر(سیر لیونارد وولی، 1948: 100). ئەمانە هەموو ئەوە دەردەخەن کە ئافرەت نرخ و بەهایەکی بەرزی هەبووە لە شارستانییەتی سۆمەریدا و بە پیرۆز دادەنرا چونکە مایەی ژیان و بەردەوامی بووە. ئەوەی مێژوونوسانی وەك (هنری کۆك، سامۆئیل نوح کریمەر، فرانکفۆرت، جۆرج روو، تەها باقر و فازل عبدالواحید خستیتیانە روو لەگەڵ ئەو بۆچوونەن کە سۆمەرییەکان نیشتمانی رەسەنیان وڵاتی ناوچە شاخاوییەکانی میزۆپۆتامیایە و لەوێشەوە دابەزیونەتە خوارەوە، کەواتە زێدی ئەوان کوردستانە(فاتیح عەبدوڵلا محمەد، 2016).

لە هەندێ سەرچاوەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە موزیکی ئایینی چالاکییەکانی لە دێر و پەرستگایە مەسیحییەکان لە سوریا و میسر و وڵاتی کلدانییەکانەوە دەستی پێ کردووە و ئەوەی مایەی گومانیش نییە بەلایانەوە بەپێ ی ئەو سەرچاوانە لە موزیکی جوولەکەی کۆنەوە وەرگیراوە چونکە ئەوەی زانراوە سەبارەت بە موزیکی عیبری کۆن کە تێکەڵەیەك بوو لە گۆرانی و سەما، هاوشان بە ئامێری موزیکیەوە(مصطفى كامل الصواف، سنة؟: 17). بەڵام هەروەك زانراوە مێژوو دەری خستووە زەردەشت و ئایینی زەردەشتی لە نێوان ساڵانی (628 – 551 پێش زایین) بووە(فراس السواح، 2018: 12)، کەچی پەیدابوونی حەزرەتی موسا و ئەو ماوەیەی تیایدا ژیاوە بانگەشەی بۆ ئایینەکەی کردووە بۆ سەدەی (13 پێش زایین) دەگەڕێتەوە(نضال عباس جبر دويكات، 2006: 9)، کەواتە ئایینی زەردەشتی یەکەم ئایینی تاکپەرست بووە و لە وێرد و نزا و پاڕانەوەکان پشتیان بە سروود و ئامێری موزیکی و سەما بەستووە ، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکەین کە لە کاتی ڕاگواستنی پتر لە 3000 جوولەکە بۆ ناوچەی میزۆپۆتامیا لەلایەن (نبوخذ نصر)ەوە وەکو دیل(طه باقر، 2012: 603)، جوولەکەکان ئاشنای ئایینی زەردەشتی بوونە و دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم ئایینە و دەست دەکەن بە پشت بەستن بە ئامێرە موزیکییەکان بۆ گوتنی سروودەکانیان، هەرچی ئایینی مەسیحییە ئەوا لە ساڵی (313 پاش زایین) کاتێ ئیمپراتۆر قوستەنتین ئازادی باوەڕی بەخشیە عیساییەکان لەو سەردەمەدا یەکەم سروود سەری هەڵدا کە پیا هەڵدانێك بوو بۆ خودا(دارا محمد سعید، 2010: 218).

## تەوەری دووەم / کلتووری کراوە لە موزیکی کوردیدا

## 2-1- موزیك و کۆمەڵگەی کوردی

بەهۆی هەمەجۆری جوگرافیای کوردستان و ناوچە و ژینگەکانی، ئاواز و موزیك و جۆری گۆرانیش فرەیی پێوە دیارە، موزیکی کوردیش لە بنەڕەت دا پشت بە گۆرانییە میللی و فۆلکلۆرییەکان دەبەستێت، بەڵام کەشف کردنی ڕەگ و ریشەکەی کارێکی ئاسان نییە لەبەر ئەوەی کوردستان لە رابردوو و ئێستاشدا هەمەجۆر بووە، دەتوانرێ شێوازی موزیکی کوردی بە شێوەزاری ووشەکانییەوە بناسرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر شێوەزارێك جیاکاری موزیکی و تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەیە(Nabaz Hama Rasheed, 2016: 15).

پرۆفیسۆر مارتین هارتمانی ئەڵمانی لەسەر کورددا دەڵێت:ئەگەر من کورد وەك نەتەوەیەك بدەمە قەڵەم کە بە ئاسانی کلتووری ئەوروپایی وەردەگرێ، دیارە لام روونە ئەو حەلە ئەم بیروڕایە تووشی هەندێ بەرهەڵستی دەبێ، بەڵام لەبەر رۆشنایی ئەو دەنگوباسانەی ئەوانەی دەیگێڕنەوە کە بەم وڵاتەدا گەڕاون، پیاو دەتوانێ بڵێ لەژێر پێستی خاوی ئەم گەلەدا جیهانێکی پڕ لە بیری قووڵ و هەستی نازك شاراوەتەوە، گەلێك بەڵگە هەیە کە ئەم کوردانە، زیرەکییەکی خوا کردی تێکەڵ بە زوو لەشت گەیشتن و بەستراو بە خوورەوشتێکی راستی مەردانەیان هەیە(جەمال نەبەز، 1974: 31)، هەرچی نووسەری بەناوبانگی ئەرمەنی (ئەبوڤیان)ە دەڵێت: کوردەکان بە پیاو و ژنەوە هەموویان شاعیرن،(لێرەدا مەبەستی ئەوە بووە کە کورد دەزانێ موزیك بژەنێت و حەزیشی لە گۆرانی یە)، هەشیانە کە زۆر شارەزایە تیایدا(تۆما بوا، 1980: 139) و زۆر بە ساز و ئاواز گۆرانی بەسەر دۆڵ و چیا و تاڤگە و رووبار و گوڵ و چەك و ئەسپ و قارەمانێتی و جوانانیاندا دەڵێن(جەمال نەبەز، 1974: 81).

## 2-2- هەڵپەڕکێ

هەڵپەڕکێ ی کوردی پەیوەندی بە میللەتانی ترەوە نی یە بە قەدەر تێکەڵ بوونی لەگەڵ دراوسێکانی، هەروەها هەڵپەڕکێ ی کوردی داستانی قارمانییەتی و جەنگ و سەرکەوتن و باسی چۆنیەتی شەڕ لە مێژووی کۆنمان بۆ روون دەکاتەوە هەر لە سەردەمی حوکمی گووتی، کاسی، لۆلۆیی، خوری، مانی و تا مادەکانیش کە لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس ژیاون، پشتاوپشت پێمان گەیشتووە(جەمال نەبەز، 1974: 16)، هەندێ لە رۆژهەڵات ناسەکانیش باسیان لە هەڵپەڕکێ ی کوردی کردووە لەگەڵ موزیك دا، ریچ باسی زەماوەندێك دەکات و وەسفی شێوەی بەرێوەچوونی دەهۆڵ و زوڕنا و هەڵپەڕکێ و تێکەڵی نێر و مێ و شێوەو رەنگی جل و بەرگی بەشداربووەکانی دەکات(کلودیوس جیمس ریچ، 2008: 271).

مینۆرسکی باس لە هەڵپەڕکێ ی کوردی دەکات بە تایبەتی هەڵپەڕکێ ی (چۆپی)، ئەوە دەردەخات کە ئەم هەڵپەڕکێ یە بە

کۆمەڵ دەکرێ و بازدانی تێدایە و هەڵپەڕکێکاران خۆیان دەپێکن و نیگاریان ئەڵێ ی دیوارێکە و دەجوڵێتەوە و یەکێکیان سەرکردایەتی هەڵپەڕکێ یەکە دەکات(مینۆرسکی، 1984: 161).

تۆما بواش باس لە چەند جۆرێکی هەڵپەڕکێ ی کوردی کردووەو دەڵێت: هەڵپەڕکێ یەکانیان بەگوێرەی شێوەی جوڵانی هەڵپەڕکێ کەرانیش ناو دەنرێن، هەروەکو کۆڤەند کە کوڕ و کچ لە دەورەیەکدا دەست دەگرن و هەنگاو هەڵدەهێننەوە و خۆیان دەخەن بەم لاو بەو لاوە، زوڕنا و دەهۆڵیشیان بە دەنگی بەرز بۆ لێ دەدەن. لە (ملانێ)شدا بەشدارانی هەڵپەڕکێ شان بە شانی یەکەوە هەڵدەپەڕن(تۆما بوا، 1980: 139). چەند جۆرە شاییەکی تریش ناو دەهێنێ و وەسفیان دەکات لەوانە: سێ پێیی، چوار پێیی، هێواشی، خەرمانێ، لەملانێ و عایشۆك یا ئایشێ.هەڵپەڕکێ ی (چۆپی) بەزۆر باو دادەنێ و کە تیایدا بازدانێکی خۆشی لەگەڵدایەو یەکێك سەرۆکایەتی دەکات، پێ ی دەڵێن (سەرچۆپی کێش)(تۆما بوا، 1980: 143).

أ. م. مینتیشا شفیلی باس لە ژن هێنان دەکات لەنێو کورداو بەڕێوەچوونی ئاهەنگ و شایی بەپێی توانای خاوەنەکە دیاری دەکات لە نێوان سێ ڕۆژ تا حەوت ڕۆژ و کاتێك بووك و زاوا دێنە کۆڕی هەڵپەڕکێوە هەموو میوانێك پارە یان مەڕیان بە دیاری بۆ دێنن(أ. م. مینتیشا شفیلی، 2008: 53). شێوازی سەمای میللی دوو لایەنی هەیە:

1- لایەنی دەرەکی: ئەمەش لەلایەنی هونەری تەکنیکی جوڵان ڕەنگ دەداتەوە، وەك: سوڕانەوە، نوشتانەوەی چۆك و کردنەوەی، هاتنە سەر چۆك، ئاستی چەمانەوەی چۆك بە نەرمی یان بە توندی، لەرزینی بەشی خوارەوەی لەش و جوڵەی ناوچەی حەوز، لەرزینی ئاسایی یان توند، هەنگاوی پچڕ پچڕ یا فراوان، شێوازی وەستان و دەستگرتن، .... هتد(دارا محمد سعید، 2010: 76).، سەبارەت بە سەمای میللی کوردەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین سەمایەکی بەکۆمەڵییەو لەرزین و جوڵانەوە بە گشتی لە هەموو جەستەدا بەدی دەکرێت، جاروباریش هەندێ جوڵە لە بەشی سەرەوەو خوارەوەدا بەدی دەکرێت لە هەندێ جۆری شایی، لەگەڵ ئەو حاڵەتانەی کە تاکە کەسێك لەنێو کۆمەڵەکە ئەنجامی دەدات. دوورە لە لەرزینی ناوچەی حەوز هەروەك لە کلتووری میسری دا بە زەقی بەدەر دەکەوێت، بە تایبەتی کە لەلایەن ئافرەتانەوە ئەنجام دەدرێ، ئەمەش بەلامانەوە ئەوە دەردەخات کە ئافرەت بۆ حەز و ویستی پیاو سەمای کردووە، کەچی لە کلتووری کوردیدا ئافرەت و پیاو پێکەوە دەست لەناو دەست بۆ خۆش و دڵخۆشی یەکتر کاریان کردووە، بەبێ جیاوازی.

2- لایەنی ناوەکی: ئەمەیان ڕەنگ و هەستی دەروونی سەما کەران دەردەخات لە ڕەنگ دانەوەی گیانی میللەت لە سەما کردنەکەیاندا وەك: سەنگینی، خۆشی، پەرۆشی، توندی، دەستپێکردن، جدیبوون، شکۆمەندی، گۆشەگیری، شانازی کردن، ڕاشکاوی، .... هتد(دارا محمد سعید، 2010: 76).

لە سەیرکردنی سەما و هەڵپەڕکێ ی کۆمەڵگای کوردی بە جیاوازی جۆری هەڵپەڕکێیەکان، لەلایەن پیاوانەوە خۆشی و توندی و پەرۆشی هەستی پێ دەکرێت، لەلایەن ئافرەتەکانیشەوە بە هەمان شێوە خۆشی هەیە بەڵام سەنگینی و ناز نیشاندانیشی لەگەڵدایە و بونەتە هۆکاری ئەوەی پیاوان حاڵەتە دەروونیەکەیان لە هەڵپەڕکێ یەکەدا ڕەنگ بداتەوەو ببنە مایەی سەرنج ڕاکێشان بۆ ئافرەتان، لە بەرامبەریشدا ئافرەتان ئەم حاڵەتە دەروونیەیان پێوە دیار دەبێت تاکو بە هەمان شێوە ببنە مایەی سەرسامی و سەرنج ڕاکێشی پیاوان، کەواتە هەردوولا وەکو یەکەیەکی موگناتیسی کار دەکەن بۆ ڕاکێشانی ڕەگەزی بەرامبەر، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەست و سۆزیش لەسەر بنەمای دوو لایەنە دەوەستێت نەك یەك لایەنە.

سەبارەت بە بیرۆکەی سەما و هەڵپەڕکێ بەگشتی ، لەو باوەڕە داین کە لە ئەنجامی لاسایی کردنەوەی باڵندەدا پەیدابووبێت کە باڵندەی نێرینە تواناو جوانی جەستەی خۆی دەردەخات بۆ کاریگەری خستنەسەر باڵندەی مێینەو هەوڵی ڕازیکردنی دەدات تا پێکەوە ژیانێکی نوێ دروست بکەن ، لەبەرئەوەی ئادەمیزاد لە قەڵەڕەشەوە فێری ناشتنی مردوو بوو هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێ کراوە ، بۆیە دوورنیە سەماکردنیش هەر لە لاسایی کردنەوەی باڵندەوە پەیدابووبێت، زمانی جەستە ئەو بڕیاردەری کاریگەر بوونە بەسەر ئەوانی تر و وا دەکات باوەڕت پێ بکەن یا ڕەتت بکەنەوە، خۆشیان بووێت یان دوور بکەونەوە لێت، جووڵەکانی جەستەش گوزارشت لە ڕوح و شێواز و کەسایەتی و هەڵوێستت دەکات لە ژیان دا(مهدي الموسوي، 2015: 6)، کەواتە شایی لە نەریتی کوردیدا دەرخستنی خۆشی و شادی یە گوزارشت لەو بۆنە و یاد و حاڵەتە دەکات کە تاکەکان بە کوڕ و کچەوە پێ ی تێدەپەڕن بێ جیاوازی کردن لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ بۆیە ئەوەی بە مۆرکی هەڵپەڕکێ ی کوردی دادەنرێت ئەو ڕەشبەڵەکەیە کە هەردووکیان کۆ دەکاتەوەو سیمایەکی یەکسانی و هاوسەنگی دەخاتە ڕوو لە نێوان هەردوو ڕەگەز.

سەرباری ئەوانەی سەرەوە کەباسکران، هەڵپەڕکێ ڕەنگدانەوەی سیستەمی ڕەوشت و بەهاکانی گەلەکەمانە، خەڵکەکەی بە گشتی پەیوەندی خزمایەتی و خێڵەکی پێکیانەوە دەبەستێ سیستەمی خێڵایەتیش بە پلەی یەکەم لەسەر پشتگیری و یەکانگیری تاکەکانی وەستاوە، لێك توندکردنی دەست و شان لە هەڵپەڕکێ دا هەر داخوازییەکی تەکنیکانەی کرداری هەڵپەڕینەکە نییە، بەڵکو ڕەنگ دانەوەی ئیرادەی

یەکانگیری خەڵکەکەیە لە هەموو کارەکانیان دا(نزار سایر، 2011: 97)، هەڵپەڕکێ لە تەواوی کوردستان ئەنجام دەدرێ بەڵام لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەك و لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی تر دەگۆڕێت و ناوی تایبەتی خۆیان هەیە کە پێ ی جیادەکرێتەوە، دەتوانین بۆ ئەم جۆرانە دابەشیان بکەین:

1- لە کرمانجی یا لە بادینی دا ئەم جۆرانە دەگرێتەوە:

گوڵ شێنی، میرانی، عەرەب کانی، سنجانی، شێخانی، ملانی، هەرەگوڵی، سیارکێ، مەرجی، بابلەکان، یارگوزەل، سێ پێ، رێزانی، دەنانی، تووسکی، سەمای کۆچەری، بیلانی، دیکۆ، شنگاری، ژەنگاری، گۆڤەند، سوولەتکی.

2- لە فەیلی دا (لوری بچوك) ئەم جۆرانە هەیە:

راست، چەپی، سەنگین سەما، شانە شەکی، علی خانی، هەڵپەرکە، فەتاح پاشایی.

3- سۆرانیەکانیش ئەم جۆرانەیان هەیە:

سێ پێیی، چەپەپی، سوسکەپی، ئایشۆکێ، رۆینە، سۆرانی، فەقێ یانی، میرۆیی.

4- هەندێ هەڵپەڕکێش هەیە تایبەتە بە کچە هەرزەکارەکان وەك:

حووحانێ، حیولانێ(توانا یحیی خضر مرجان، 2013: 74).

### 3-2- گۆرانی

ئەم هەڵپەڕکێیانەی کە پێشتر باسمان لێوە کرد، گۆرانی تایبەتی خۆی هەیە و هەموو هەڵپەڕکێ یەك لەگەڵ هەموو گۆرانییەك ناگونجێت، چونکە بەزم و ریتمی تایبەتی خۆی هەیە، وەك سێ پێیی ئاواز و گۆرانی گرژ و خێرای بۆ دەلوێت، گۆرانی خاو هەڵپەڕکێ ی هێواشی بۆ دەگونجێت، هەڵپەڕکێ ی چەپیش یا چۆپەیی وردە بەزم و گۆرانی چەپڵەی بۆ دەبێت لەگەڵ ژەنینی شمشاڵ دا(دارا محمد سعید، 2010: 321)

سەبارەت بە ناوەکانی گۆرانی کوردی، ئەوا نووسەران و لێکۆڵەران لە روانگەی گۆرانییەوە لە جۆرەکانی شیعری فۆلکلۆری دەڕوانن، روونترین نموونەش وتارەکەی حاجی جندی یە بە ناونیشانی (کلامێد جمعە تا کوردایە لیریکی ێ) یە کە شیعرە فۆلکلۆرییەکانی لەسەر بنچینەی سێ جۆری گۆرانی پۆلینی کردووە ئەوانیش بریتین لە : کارکردن، ئەویندارى وسروشت، تیایدا شیعری گۆرانی و لاوکی لە سنووری هەمان پۆلینکردندا ریزیکردوون(محەمەد بەکر، 2004: 22).

د. عزالدین مستەفا رەسول باسی لە قەتار، هۆرە، مەقامی خورشیدی و خاوکەری کردووە و پاشان لە ناوەڕۆکەکانی دواوە(عزەددین مستەفا رەسول، 1970: 66). دکتۆر محەمەد موکری لە کتێبی (گۆرانی یا ترانەهای کوردی) دا شیعری فۆلکلۆری کوردی بەسەر دوو دەستەدا دابەشی کردووە :

1- بەیت : لاوك و حەیران بە دوو وێنەی ئەم ژانرە دانراوە

2- گۆرانی(محەمەد بەکر، 2004: 24).

هەرچی دکتۆرە شوکریە رەسوڵە ئەوا گۆرانی فۆلکلۆری کوردی لەڕووی روخسار و ناوەڕۆکەوە دابەش کردووە، لەڕووی روخسارەوە:

1- بەیت 2- حەیران و لاوك 3- بەستە 4- هۆرە

5- سیاچەمانە 6- مەقام، مەقامیش رووبەرێکی فراوانی هەیە لە گۆرانی کوردی دا و بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوەی دابەش کردووە: ئەڵلا وەیسی، هیجران، قەتار، خەمەنگێز، نیوە شەوێ، خەو خۆشی، رەنجوری، خورشیدی، خاوکەر و نەختی(شوکریە رەسول، 1984: 110)، لەڕووی ناوەڕۆکەوەش بریتین لە:

1- گۆرانی کار:

دروێنە، راوکردن، ساوار کوتان، دەستاڕ هاڕین، شوانکاری، کاسبکاری، جوتیاری، بێریاتی، مازوو چنین، مانگا دۆشین و مەشکە ژەنین.

2- گۆرانی بۆنە:

منداڵ بوون، نیشانکردن، خەتەنە سوران، بووك گواستنەوە، خەنەبەندان، هەڵپەڕکێ و شایی، گۆرانی ئایینی، پرسە گرتن، دوورکەوتنەوە و ئێشکگرتن(شوکریە رەسول، 1984: 116-117).

هەرچی محەمەد حەمە باقی لە کتێبی (مێژووی موزیکی کوردی)دا شێوە جیاجیاکانی موزیك و گۆرانی بەپێ ی ناوچەکانەوە دیاری کردووە و دابەشی کردووە:

لاوك و لاوژە: هەموو ئەو ناوچە کورد نشینانەن کە ئاخاوتنیان بە دیالێکتی کرمانجی باکوورە.

حەیران: قەرەچوغ، بێژنیگ بەسەر، کەندێناوە، زورگەزراو، شەمامك، هەولێر، سەفین، هەیبەت سوڵتان، رایات، زینوێ شێخان، رەواندز، هەندرێن، زۆزگ، گەلی عەلی بەگ، داری شەکران، خۆشناوەتی، پشدەر، بیتوێن، دەشتی دزەیی و موکریان.

سیاچەمانە: هەموو ناوچەی هەورەمان (تەخت و لهۆن) کە بریتین لە ناوچەی پاوە نەوسود، ناوچەی دزلی و بەشێك لە ژاوەرۆ و مەریوان و دەوروبەری گوندەکانی خۆرئاوای سنە.

هۆرە: کرماشان، ئیلام، لەکستان، لورستان، زەهاو، ئیسلام ئاباد، کرند، گەیلان غەرب، قەسری شیرین، بێستون، هەرسین، سەحنە، دینەوەر، سونقوری کولیایی، ماهیدەشت، شارەزور (رۆخەکانی رووباری سیروان لە نزیك کەلار و دەوروبەری ناوچەکانی کەلهورنشینان).

چەمەری: ناوچەکانی ئیلام و لورستان و کرماشان.

بەیت: هەموو ناوچەکانی موکریان(محەمەد حمە باقی، 2009: 22).

دارا محمد سعیدیش زۆر لە سیاچەمانە، سیاچەمانەی دەربی، گۆرانی و ئاوازی شێخانە و هۆرە دوواوەو بە سەرچاوەی

مۆزیك و گۆرانی کوردی دادەنێت(دارا محمد سعید، 2010: 19-32) بە جەخت کردنەوە لە وتنی گۆرانی شێخانە لەلایەن ژن و پیاوەوە بێ جیاوازیکردن لە نێوانیان، چونکە باسی تۆبەکردن و زاهید بوون دەکات(دارا محمد سعید، 2010: 30-33)، ئەم جۆرە ناوەڕۆکە نەبۆتە ڕێگر لە بەردەم ئافرەت تا ناڵە و فوغانی خۆی دەربخات بۆ خوداکەی، لە کاتێکدا لە ڕۆژئاوا قەدەغە بوو کە ئافرەت دەست بدات لە ئامێرە مۆزیکییەکانی سروودە ئاینییەکان، چونکە دەبێتە هۆی لەدەستدانی پیرۆزییەکەی، ئەمەش کرۆکی ئایین و داواکەیەتی کە جیاوازی نەکردووە لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا و تانیا کار و هەڵس و کەوتەکان بڕیار لە چاکی و بێگەردی ئادەمیزاد دەدا.

کەواتە گۆرانی کوردی لە قاڵب نادرێت چونکە ئامادەیە لە هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا و گوزارشت لە هیواو ئاواتەکانی دەکات، بۆیە گۆرانی کوردی خۆشەویستی و شەڕکردن و پاڵەوانییەتی و سوار چاکی باس دەکات لەگەڵ گۆرانی منداڵان و گەنجان و دروێنەو کشتوکاڵی و لەوەڕاندنیشی تێدا بەدی دەکرێت، سروشتی گۆرانی کوردیش غەزەلی و بەزمەسات و ئایینیە، بەڵام غافل نییە لە باسکردنی سروشتی کوردستان و جوانییەکەی(صحيفة التآخي، 2022/4/28)، گۆرانی و مەقامەکان بە جیاوازی جۆر و ناو و تایبەتییەکانیان ڕەنگ دانەوەی کلتووری کۆمەڵگای کوردینە بەخۆشی و ناخۆشی یەکەی بەڵام ئەوەی جێگای سەربەرزی یە بۆ میللەتەکەمان ئەو کرانەوەییەیە کە لەم کۆمەڵگایەدا هەیە و هەستی پێ دەکرێت و مایەی نکۆڵیکردن نییەو لە خودی مۆزیکی کوردی دا ڕەنگی داوەتەوە.

دوای باسکردن و تیشك خستنە سەر مۆزیك و مێژووی تایبەت بە گەلی کورد، ئەوا بە چەند نموونەیەکەوە لە گۆرانی و بەیت و حەیران و لاوکدا باسەکەمان تێروتەسەلتر دەکەین و کراوەیی کۆمەڵگای کوردەواری دەخەینەڕوو لە کارکردنی ژن و پیاو پێکەوەو ستایش کردن و پیاهەڵدان بە ئافرەتی کورد و خۆبەخت کردن لە پێناوییدا و هەوڵدان بۆ کڕینی دیاری و چەند شت و مەکێك کە دەبێتە هۆی دڵخۆش کردنی ئافرەت و لە هەندێ حاڵەتی تریش ئافرەت خۆی دێتە ناو کۆڕی ئەو گۆڕانکارییانەوە و خواست و داخوازی و خۆشەویستی خۆی دەردەخات، تەنانەت حەز و ئارەزووەکان هەندێ جار تا ڕاددەیەك ئیروتیکین و بە بوێرانە دەیخاتە ڕوو بە پێچەوانەی زۆربەی گەلان و تەنانەت ڕۆژئاواش کە بۆ ماوەیەکی زۆر ئافرەت هەر وەکو مرۆڤ هەژمار نەدەکرا بەڵکو وەك کارەکەر و دڕندە و نامرۆڤ لە قەڵەم دەدرا، سەرباری ئەمانەش خستنەڕووی خۆشەویستی لەلایەن دووکەسی سەر بە دوو ئایینی جیاواز ، سیمایەکی تری کراوەیی کۆمەڵگای کوردیەو بە ڕاشکاوانە خراوەتە ڕوو.

**- نموونەی بەیت:**

چەند بەیتێك کە باس لە ڕەشبەڵەك دەکات، سەرەتا باسی ئامادەکاری کچ دەکات بۆ خۆڕازاندنەوە لەم ڕۆژەدا و دەڵێ:

کوڕگەل وا دیسان ڕۆژی شادی یە
بەزمی هەڵپەڕکێ و دڵ ئازادی یە
چرپەی گەورە کچ ڕوو ئەکاتە ماڵ
ئارایشت ئەکا بە لفکەی دەسماڵ
چارەکەی خامەك ئەکاتە کۆڵی
خرخاڵ مەچەکی چەشنی سەهۆڵی
ملوێنێك لەمل، لولە لەسەر دڵ
چاو پڕ لەغەمزە، ڕومەت تۆپی گوڵ (کامەران موکری، 1984: 24)

یاخود نموونەی بەیتی (شێخی سەنعان)ی فیقێ ی تەیران کە باس لە شێخێکی خاوەن تەریقەتێکی ئایینی ئیسلامی دەکات کە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کچە مەسیحییەك و دەڵێ:

مەلەکێ هادی فەخار هات
مەقسەدا خورشید بکار هات
شێخ ددەستی عەتار هات
هەروەکێ ژکەعبێ قەتێ
....................................
سۆفیان بەردا تەواڤێ
خاچ حەبینێ دڵ ڤێ کەتێ(کامەران موکری، 1984: 12)

یاخود نموونەی ئەم بەیتە کە گفت و گۆیەکە لەنێوان فەقێ یەك و کچێك:

فەقێ دەڵێ: ئەی دلبەری
بەژنت نەمامی عەرعەری
بروانە ئیبو حەجەری
کیژ دەڵێ: فەقێ ناکەم حەقێ
نە مەلام دەوێ نە فەقێ
دەچم لەدووی شەقە شەقێ (محەمەد عەلی قەرەداغی، 2002: 86)

**- نموونەی گۆرانی**

لە گۆرانی کوردەواریدا ئیرۆتیك سیفەتێکی هەرە زەقە کە دیارە لە نێویدا بە جیاوازی جۆرەکانی وەك لاوك و حەیران و گۆرانی بە هەردوو جۆرییەوە خێرا و هێواش، ئەم دەرخستنەش بەلامانەوە بۆ سروشتی ئادەمیزاد دەگەڕێتەوە چونکە خوای گەورە کە مرۆڤی دروست کردووە بە هەست و سۆزەوە هێناویەتە سەر زەوی، تاکی کوردیش ئەم هەستەی خۆی نەشاردۆتەوە و دەریخستووە لە گۆرانیەکانی دا بێ ئەوەی جیاوازی بکرێت لەنێوان هەستی پیاو و هەستی ئافرەت، بۆیە زۆر دیمەنی وامان بەرچاو و بەرگوێ دەکەوێت کە ئافرەتەکە خۆی لەناخی خۆی دەدوێت و حەز و ئارەزووەکانی دەردەخات

بێ ئەوەی شەرم بکات چونکە زۆر بوێر و ئازایانە ژیاوە و هیچ شتێك ڕێگری لێ ناكات هەست و خۆشییەکانی بشارێتەوە بەڵام ئەو هەست دەرخستنە لە چەند شتێك تێپەڕ ناکات، هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناس و نێردراوە بیانییەکانیش باسی ئەم جۆرە سیفەتەیان کردووە لە گۆرانی کوردیدا بۆ نموونە (بییر جوبێر) نێردەی ناپلیۆن بوو، لە ئیمارەتی بایەزید دەستی بەسەردا گیراوە لەلایەن مەحمود ئاغای بایەزید، لە یاداشتنامەکەیدا دەڵێت: کوردەکان گۆرانی دادەڕێژن بابەتەکەی خۆشەویستی ئیرۆتیکە(بيير آمادية جوبير واخرون، 2013: 18).

نموونەکانیش وەک : باس لە چوونی ئافرەت دەکات بۆ داوەت و شایی و کاریگەری لەسەر لاوان دروست دەکات:

وەکی دەچیە داوەتێ توخودا خۆت مەلەقێنە

جەرگ و درت پساندم ڕۆحیشم لێ مەستێنە

وەکی دێ ی لۆ داوەتێ چەند شیرین رادەوەستێ

بە کراسی سپی کەتان کەمبەری شل دەبەستێ (سەعدوڵا ئیسماعیل شێخانی، 1990: 43) ،

یان کە دەڵێ: دونێ چاوم بە یاری کەوت هەوری لەسەر نایە دەچوو لۆسەر شایی گێل گێلەی لەخۆدایە (سەعدوڵا ئیسماعیل شێخانی، 1990: 54)

یاخود کە دەڵێ: کیژ و کوڕ وا هەردەپەڕن سوتام جەرگم داغە سۆل و مەحسان دادەدڕن دوروشەو چراغە(سەعدوڵا ئیسماعیل شێخانی، 1990: 100)

پیاوی کورد ڕێگای کرینی دیاری هەڵدەبژێرێت تا یارەکەی رازی بکات و خۆشەویستی خۆی بۆ دەربخات، نەك تەنها ئەوەندە بەڵکو پیرۆزیشە لەلای وەك پێگەی ئاینی پیرۆزە لەلای، بۆیە زۆر جار بەگیان بەختکردن ئەم راستی یە دەسەلمێنێ، ئەمە تەنها لای پیاو نییە بەڵکو لای ئافرەتیش بەدی دەکرێت ئەم خۆبەختکردنە، نموونەی دیاری کرین:

دەچمە موسرێ سەرپشکی شاران

کەوێ یەك دەکرم بۆ دۆست و یاران

لەبەرە خۆت کە فەسری بەهاران

سوخمەت بۆ دەکەم هەر پولەك رێژ بێ

بەخۆم لۆی دەبرم نە کورت نە درێژ بێ (سەعدوڵا ئیسماعیل شێخانی، 1990: 12)

یان کە دەڵێ: ئەمبەرم شاخە، ئەوبەرم شاخە

کراست بۆ دەکەم لە گوڵی ئەو باخە(عزەدین مستەفا رەسول، 1970: 69)

پیرۆزی یار باسی لێ کراوە ، وەك :

قیبلەی حاجییان لەولای شامەوە

قیبلەکەی من تۆی لە پەنامەوە(محەمەد سالح تۆفیق، 2000: 62)

فیداکردنی هەموو شتێك تەنانەت خاکیش لە پێناو یار، بەلامانەوە هەرچەندە دەربڕینی قوڵترین هەستە کە نیشتیمان بەلای پیاوی کورد لە ئافرەت دا کۆدەکاتەوە، کەچی پیرۆزی و خۆشەویستی و گرنگی خاك و سەروەری نیشتیمان هەموو شتێکە، هەروەها لەم گۆرانییەشدا ئەم فیداکردنە بەرجەستەکراوە:

سەردەشت و سابڵاخ شارەزوور بەگشتی

هەمووی بەقوربان شاڵەکەی پشتی

هەر لە خۆرهەڵات، تاوە خۆرنشین

گشتی وە قوربان مینا دەم نەخشین(مەحمود زامدار، 2009: 129)

بوێری کچ لە نیشاندانی خۆشەویستی و بەخت کردنی گیانیشی ئەگەر بۆ یارەکەی نەبێت وەك:

بمخەنە شووشە شووشە ئەشکێنم

نەمدەن بەو کوڕە خۆم ئەخنکێنم

سەت دارم لێ دەن بە داری ژاڵە

دەس هەڵناگرم لەو کوڕە ڕەشتاڵە(محەمەد سالح تۆفیق، 2000: 14)

هەندێ سیفەت کە لە مرۆڤ دا هەیە و بە دەستی مرۆڤ نییە کە ئەم سیفەتەی هەیە چونکە خوای گەورە دروستی کردووە، وەك ڕەشتاڵەیی، بەژن کورتی، ....... هتد، کەچی ئەم سیفەتانە نەبۆتە ڕێگری لەبەردەم خۆشەویستی، بەڵکو بە راشکاوانە ئەم سیفەتانە باسی لێ کراوە و خۆشەویستیشی بۆ دەردەخراوە، وەك نموونەی پێشووتر کە کچە عەشقی کوڕێکی ڕەشتاڵە بووە، یان وەك ئەم گۆرانییە:

ڕەیحانە ڕەشە سەرپەڵ کنێرە

کوشتەی کچێکم ماڵیان وا لێرە(مەحمود زامدار، 2009: 135)

یاخود کاتێ کچێك ئاوا دەڵێ: کوڕە ڕەشتاڵەی، ڕەش مشکی وەسەر ئەگەر نامخوازی ساڵ نەوەی وەسەر (مەحمود زامدار، 2009: 156) یان لە باسکردنی کورتە باڵای کچدا ، کوڕ دەڵێ:

ئەم دێم بژاردووە بیست و یەك ماڵە

تیاما هەڵبژارد ئەو کورتە باڵە

باڵا کورتەکەی لێی نەبوو بە عەیب

لە عەزەل وابوو لە کارخانەی غەیب(محەمەد سالح تۆفیق، 2000: 18) دیاردەیەکی تر لە کۆمەڵگای کوردی، خۆشەویستی نێوان دوو کەسە کە سەر بە دوو ئاینی جیاوازن، لە خوارەوەدا چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو:

ئەو مێرەمە فەلەیە

رۆشکێ وەرە ماڵا مەیە

بۆتە گەلە فایدەیە(سەعدوڵا ئیسماعیل شێخانی، 1990: 101) یان کە دەڵێ:

ئامینێ ئەتو دینێ من دینێ
ئامینێ بەهەردووکمان سەرینێ(عادل محەمەد کەریم، 2017: 214)یاخود وەرگەڕان لە ئایین بۆ ئاینێکی تر لەپێناوی یار، وەکو: حەوت ساڵ دەروێش بووم دەف بەشانۆ بوو
دڵەکەم تۆی بینی پەشیمانۆ بوو(محەمەد سالح تۆفیق، 2000: 79)

**- نموونەی لاوك**

لەم جۆرە لاوکەی خوارەوە گفتوگۆی نێوان کچێك و کوڕێکە:
کچەکە دەیگۆ: هاوینە، خۆش هاوینە، گەرمە گەرمێ وێ هاوینێ کورە لاوکێ من نەخۆشە، نەخۆشەکێ گەلەك گرانە، کەتییە وا لەناو نوینێ، رابم کورە لاوکێ خۆ دانمە تاق و پەنجەرێ، لۆ لعەوایێ وی شانشینێ ئەمان لترسێ داك و بابێ خۆ نەبی، منێ رۆژێ سێ جاران، لگەڵ زەریان و ئەسمەران، رابم بچمەوە سەر کورە لاوکێ خۆ دەستێ خۆ دانمە بن سەری، بدەستێ دی لێی بکەم هەرامە باوەشینە.
کوڕ دگۆ: کچێ، دینێ، هەوارە، وەز دەمرم رۆژێ چارەی، ئەمان قەبرێ من بەرامبەری مالا بابێ تەبی، داوەکێ بسکێ تە کفن دووری من بی، ئەمان ئەتو رۆژێ سێ جاران لگەڵ زەریان و ئەسمەران، وەرەوە لەسەر قەبرێ من(محەمەدی مەلا کەریم، 2009: 26).
بەیتێکی تریش هەیە باس لە جیاوازی ئایین دەکات لەنێوان دوو خۆشەویستەوە:
کوڕ دگۆ: دە یار یار، یار مێرەمی هەلالییە، قەسرێ ماڵێ بابێ مێرەمێ بڵندە لمن چەند شپییە، ئەمن رابم دەستێ مێرەمێ بگرم و برەوێنم بیمە سەرێ زۆزانا ژۆری ببەفرە لمن وا بکەوییە،
دە یار یار مێرەمێ، باب گاورێ، داك عەجەمێ، وەز سەفەریمە،
چەندێ دەرۆم و نارۆم، رێیا ماڵا بابا مێرەمێ دووقەت ناگەمێ
مێرەمی دگۆ: ئەگەر داك و بابێ من ئەمنیان نەدا کورە لاوکێ خۆ، ئەمن رابم کۆمەڵەکێ سواران(محەمەدی مەلا کەریم، 2009: 53).

**- نموونەی حەیران**

لەنێو حەیرانی کوردیدا بەشی هەرە زۆری بریتی یە لە وەسف کردن و پیا هەڵدان، رێژەیەکی گەلێك زۆریش بۆ یارە، ئینجا باس کردنی قارەمانییەتی و ئازاییەتی پیاوە، بۆ نموونە لە وەسف کردنی یاردا دەڵێ:
حەیران هەمینە، گەردەنی گەلە زەردە، مەمکی هەنگوینە، روومەتی گورە، سینگی سپینە، برایمە برادەرینە ئەمن سوندەکم خواردییە بە هەموو چاك و پیران، ئەمن پاشی بەژنی باریك و زەندەیێ بە بازن، قامکەکی بە ئەنگوستیلە، نێکەکی بە کەمبەرە، سەرەکی بەلاسەرە، ئەمن چی دۆست و چی گراوی دیم نیینە.(غەفوور مەخمووری، 2001: 76)
ئەو حەیرانانەی کە کوڕ و کچ تیایدا بەشدارن، وەك:
خۆزی بەخۆزیداران، کوریکەك باما لە کوریکی کەس نەناسی، شین بباما لەسەر گردەکەی پیرداود و دووسەرەی بەرامبەر بە شێراوە و قووچە برباسی.
کیژ دەرێ: کورە حەیران گەلەك دوعا و سەلامت لێ بی ئەوسار خەمەکم لێ بخۆ (محەمەدی مەلا کەریم، 2009: 83).
ئەو حەیرانانەی کە بە دەمی کچەوە دەست پێ دەکات، وەك:
حەیران دەرێ: کورەتیمە لاوە، خۆمن لۆتو چ سوم نابیتەوە،
بەرام درەنگە ناگەمەوە مارێ، چ برێمە یاران.
بەرام ئەتو ئەو شەو لە سێباری نیوە شەوێ،
وەرەوە جێی ژوانێ، ماچ کە چەرخی روومەتێ، (هندرێن خۆشناو، 2012: 51).
- گۆرانی لەکاتی کارکردن و کاری کشتوکاڵی:
نانوین ئەوشەو ساوار کوتینە
مل ملانێ یە و یەك بەزینە
هۆ کچینە هۆ کورینە
یەڵلا یەڵلا (سەعدوڵا ئیسماعیل شێخانی، 1990: 72)
نموونەی حەیرانێك کە کورەکە خەم بۆ یارەکەی دەخوات چونکە لە پەرێزی رۆژ رووی یارەکەی رەش کردووە:
حەیران ئەورۆ سبیانێ، قاسیدە لەرێی سراوێ، گەلی برادەرینە،گەردەنی حەیرانەکەی من بەهوردە خارە، شوشەی گوراوی ئەمن سەت حەیف و مخابنێ دنیاییم دەمینێ، لەبۆ جۆتە روومەتی سۆری گورگورەی، رەش بووینە لە پەرێزی، لەبەر گەزەنگی هەتاوێ(هندرێن خۆشناو، 2012: 66)
یا ئەو گۆرانییەی لەکاتی دروێنەی گەنم و جۆ وتراوە:
هەدارا دارا دارا، دارێ سەرچیلە و چۆما
کە زیلەت ماری ئەویا، خۆی داوێتۆ لە گۆما
بەژنێ تۆم دارا دارا هێ، وەی دارێ شیوێ
بەژنێ تۆم دارا دارا هێ، وەی دارێ شیوێ شێخانێ(حسێن غازی أمین، 2020: 87)
هەندێ گۆرانی تریش هەیە لە کوێستانان دەگوترێت لەنێوان کوڕ و کچەوە و پێ ی دەڵێن بەلۆرە، وەک:
کچ: لاوی من لەوێ بەری
توخوا وەرە ئیوێ بەری
کوڕ: حەیران خۆزیە بەخۆزی داران بریەك بە
بریایی بریینداران ئەمن شەوساڵ فەسڵی بەهارێ
راوەکم دانابا لە کێلی ی کوێستانا
لە تینەگانگێ لە چەقەڵی فەقێ برایمی لەبەستێ (حسێن غازی أمین، 2020: 90)

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتووینەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- کلتووری کراوە مانای مرۆڤی بوون و شارستانیبوونی کۆمەڵگا نیشان دەدات و هۆکاری بەردەوامیبوونی ژیان دەردەخات.

2- سەرچاوەو سەرهەڵدانی موزیك و ئامێری موزیکی لە شارستانییەتی سۆمەری دەستی پێکردووە کە بۆ نەتەوەی کورد دەگەڕێنرێنەوە.

3- موزیك بە هەموو بوارێکیەوە هۆکاری کەم کردنەوەی فشارە دەروونیەکانی مرۆڤن، هەروەها حاڵەتی خۆشی نیشاندانیشە.

4- مێژووی کۆمەڵگەی کوردی کراوەترین کلتووری هەبووە بەرامبەر بە ئافرەت و پێش نەتەوەو میللەتەکانی تریش کەوتووە بە رۆژئاواوەش.

5- ئافرەتی کورد زۆرجار بوێر بووە لە خستنەڕووی هەست و ئارەزووەکانی بەرامبەر بە یارەکەی.

## سەرچاوەکان


1- أ. م. مینتیشا شفیلی، کورد، وەرگێڕانی: پ. د. عیزەددین مستەفا ڕەسول، چاپخانەی خانی، دهۆك، چاپی دووەم، 2008.

2- تۆما بوا، ژیانی کوردەواری، ئاواز زەنگەنە لە فەرەنسی یەوە کردوویەتی بە عەرەبی، حمە سەعید حمە کەریم لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 1980.

3- تۆما بوا، ژیانی کوردەواری، ئاواز زەنگەنە لە فەرەنسی یەوە کردوویەتی بە عەرەبی، حمە سەعید حمە کەریم لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 1980.

4- جەمال نەبەز، ئەورەحمانی حاجی مارف و قەناتی کوردۆ، بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا، پێشەکی: مەسعود محمەد، کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1974.

5- د. حسین غازی کاك أمین، گۆرانی و تەمەڵی فۆلکلۆری لە ناوچەی باڵەکایەتی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (44)، هەولێر، 2020.

6- دارا محمد سعید، مێژووی موزیکی هەورامان، چاپخانە و دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2010.

7- سەعدوڵا ئیسماعیل شێخانی، سێ سەد هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی، پێداچوونەوە: فاضل شەورۆ، چاپخانەی الحوادث، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەغدا، 1990.

8- د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی دووەم، هەولێر، 1984.

9- عادل محەمەد کەریم، ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەك، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2017.

10- عزەددین مستەفا ڕەسول، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، 1970.

11- غەفوور مەخمووری، حەیران-چەمك-ناوەڕۆك-سەرهەڵدان، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2001.

12- فاتیح عەبدوڵڵا محمەد، پەیوەندی کورد و سۆمەرییەکان تاکەی کێشەی سۆمەرییەکان بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە؟ گۆڤاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، 11 Jun 2016، bedu.univsul.edu.iq.

13- د.فائیزە محەمەد عیزەت، ژیانی کۆمەڵایەتی کورد لەنێوان سەدەکانی (10–15ز)، وەرگێڕانی: سەرمەد ئەحمەد، چاپخانەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر، 2014.

14- کامەران موکری، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، 1984.

15- ماهر عەزیز، ناسیۆنالیزم و ناسنامەی نەتەوەی کورد، گۆڤاری توێژینەوە، ژمارە 4، تشرینی یەکەم 2005، 62.

16- محەمەد حمە باقی، مێژووی موزیکی کوردی، دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، 2009.

17- محەمەد سالح تۆفیق، هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ئەژین، 2000.

18- محەمەد عەلی قەرەداغی، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم، هەولێر، 2002.

19- محەمەدی مەلا کەریم، گەنجینەی فۆلکلۆری کورد، کۆمەڵێك لاوك و حەیران، چاپی دووەم، هەولێر، 2009.

20- مەحمود زامدار، بۆنی هەڵاڵان دێ، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، 2009.

21- د.محەمەد بەکر، کێش و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2004.

22- مینۆرسکی، کورد، د. مارف خەزنەدار کردویە بە عەرەبی، حمە سەعید کردویەتی بە کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، 1984.

23- نزار سابیر، ناسیۆنالیزم و موزیك لە ئەزموونی کوردستانی ئێراق دا، ئەڵمانیا ،چاپی یەکەم،2011،47.

24- هندرێن خۆشناو، خەرمانەی تەمەن- سەرجەم بەرهەمەکانی ڕەسول بێزار گەردی، چاپخانەی ماردین، چاپی یەکەم، هەولێر، 2012.

25- أ.م.د.محمد هاشم رحمة البطاط، المرتكزات الفكرية السياسية للمجتمع المفتوح عند كارل بوبر، مجلة العلوم السياسية، العدد30، 2020/6/59.

26- أوس حسين على، الموسيقى من الألف إلى الياء، متابعة وإشراف: د. هيثم شعوبي، مكتب عالم المعرفة للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، بغداد، 2016.

27- بيير آمادية جوبير، باسيل نيكتين، تومابوا، ج. هـ. كرامرز، مبعوث نابليون في سجنه الكردي وكتابات أخرى، ترجمة: هلكوت حكيم، مؤسسة بدرخان للطباعة والنشر، مطبعة شهاب، أربيل، 2013.

28- ت. س. إليوت، ملاحظات نحو تعريف الثقافة، ترجمة: شكري عياد، دار التنوير، الطبعة الاولى، 2014.

29- سير ليونارد وولي، وادي الرافدين مهد الحضارة - دراسة إجتماعية لسكان العراق في فجر التأريخ، تعريب: أحمد عبدالباقي، دار الكاتب العربي، بغداد، 1948.

30- صبحي أنور رشيد، تأريخ الآلآت الموسيقية في العراق القديم، مؤسسة التجارية للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، بيروت، 1970.

31- طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات، دار الوراق للنشر المحدودة، بغداد و بيروت، الطبعة الثانية، الجزء الاول، 2012.

32- د. عبدالغني عماد، سوسيولوجيا الثقافة المفاهيم والاشكاليات، الطبعة الثالثة ، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت ، 2016.

33- فراس السواح، موسوعة تأريخ الأديان الكتاب الخامس، ترجمة: عبدالرزاق العلي و محمود منقذ الهاشمي، دار التكوين للطباعة والنشر، القاهرة، 2018.

34- كارل بوبر، المجتمع المفتوح وأعداءه،ترجمة د. السيد نفادي، الطبعة العربية الاولى، دار التنوير للطباعة والنشر، لبنان، 1998.

35- كارل بوبر، في الحرية والديمقراطية، ترجمة عقيل يوسف عيدان، الطبعة الاولى، الكويت، مركز الحوار للثقافة، 2009.

36- كلوديوس جيمس ريج، رحلة ريج عام 1820، ترجمة: اللواء بهاءالدين نورى، الدار العربية للموسوعات، الطبعة الأولى، بيروت، 2008.

37- د. محمد علي الصويركي الكردي، الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التاريخ، الدار العربية للموسوعات، المجلد الأول، الطبعة الأولى، بيروت، 2008.

38- مجموعة من الكتاب، نظرية الثقافة، ترجمة د. علي سيد الصاوي، مراجعة الفاروق زكي يونس، عالم المعرفة، الكويت، 1978.

39- مصطفى كامل الصواف، تأريخ الحياة الموسيقية، دار اليقظة العربية للتأليف والترجمة والنشر، بيروت، سنة؟

40- مهدي الموسوي، الرقص مع الحياة، مدارك للنشر والتوزيع، مكان ؟، الطبعة السابعة، 2015.

41- توانا يحيى خضر مرجان، الدلالات التعبيرية للرموز الشعبية في رسوم فناني كوردستان العراق، رسالة ماجستير- جامعة صلاح الدين، 2013.

42- نضال عباس جبر دويكات، قصة موسى عليه السلام مع فرعون بين القرآن والتورات (دراسة مقارنة)، أطروحة ماجستير في أصول الدين بكلية الدراسات العليا في جامعة النجاح الوطنية في نابلس - فلسطين، 2006.

43- متابعة - التآخي، الأدب الشعبي عند الكورد، صحيفة التآخي، 2022/4/28

44- Curt Sachs, The History of Musical Instrument, Dover Publication, New York, 2006. Annemarie Schimel, As through a Veil Mystical Poetry in Islam, Columbia University Press, New York, 1982.

45- Maurice Cornforth, The Open Philosophy and The Open Society, New York, International Publishers, 1968.

46- Nabaz Hama Rasheed, Bringing Kurdish Music to the West, A Doctor degree of Musical Art, Submitted to the Graduate faculty of Kansas University, 2016.

47- Robert S. Cohen & others, Rethinking Popper, Boston Studies in The Philosophy of Science, V.272, Springer, Boston and Jilska, 2009.